www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 7:05 7-10-2006

# ديموكراسييانه قسه دەكەن، تۆتاليتاريانه ڕەفتار دەكەن! ... نەجات ئەسپيندارەيى

له كۆمەڵگا ئيسلامييەكاندا كێشه و ململانێيەكى قووڵ له نێوان حكومەت و خەڵكەكەى لەسەر ئەوەيه كه دەسەڵاتدارانى ئەو حكومەتانه به هەموو شێوەيەك دەيانەوێ ئايين پەراوێز بخەن و له هەموو چالاكييەكى سياسى و ئابوورى و كۆمەڵايەتى دوورى بخەنەوە، چونكه له ديدى ئەواندا ئايين پەيوەندييەكى رۆحييه له نێوان مرۆڤ و خودا و ئەو پەيوەندييەش نابێ لەگەڵ كايەكانى تردا تێكەڵ بكرێ، به بۆچوونى ئەوان وەزيفەى ئايين تەنها ئەوەيه كه باسى شته شاراوەكان بكات، ياخود تەنها باسى ئەو شتانه بكات كه له جيهانى غەيبدا وجوديان هەيه، بۆيه به هەموو شێوەيەك كار بۆ ئەوە دەكەن كه پێگەى كۆمەڵايەتيى ئايين لاواز بكەن و ئەو بەرنامەيەى كه ئيسلام داينـاوە بۆ رێكخستنى ژيانى خەڵك رێگه له گەشەكردنى بگرن و لێنەگەڕێن به جۆرێك پەرە بسێنێ كه له كۆنترۆڵى ئەوان دەربچێت، چونكه گەر خەڵك ئاشنا بوو بەو بەرنامەيه و خەڵك له ناوەڕۆك و حەقيقەتى ئەو بەرنامەيه شارەزا بوو، ئەوكاته پێگەى ئەوان لەنێو كۆمەڵگادا لاواز دەبێ و ئەو متمانەيەى له رێگاى پڕوپاگەندەوە بەدەستيان هێناوە لەكيس يان دەچێ،

ئەو حكومەتانه به بيانووى ئەوەى كه رێگه نادەن ئيسلام بگەڕێتەوە سەر شانۆى سياسى و جڵەوى فەرمانڕەوايى بگرێتەوە دەست، بەم بيانووە دەيانەوێ هەموو نەريت و بەها بەرزەكانى كۆمەڵگا لەناو ببەن و خەڵكەكەى به زۆرەملێ به كلتورى خۆرئاواوە ئاشنا بكەن، دەيانەوێ ئەو چەمك و بۆچوونانه لەنێو كۆمەڵگا ئيسلامييەكاندا پەرە پێ بدەن كه له خۆرئاوا خەڵك لێيان بێزارە، بەڵام زۆر بێ ئاگان لەوەى كه عادات و تەقاليدى خۆرئاوا بەلاى ئەو خەڵكەوە نامۆيه و هەرگيز ناتوانێ لەنێو كلتورى ئێمەدا رەگى داكوتێ، لەم وڵاته دواكەوتووانەدا دەسەڵاتدارە كەم ئەزموونەكان لەجياتى ئەوەى ئازادى و ديموكراسى و خۆشگوزەرانى بۆ گەلەكانيان دابين بكەن، به پێچەوانەوە هەموو هەوڵ و تێكۆشانيان ئەوەيه كەوا به بيانووى جۆراوجۆر چەمكه جوانەكانى ئايين له كۆمەڵگاكانيان داماڵن و به هەموو شێوەيەك ئايين له شانۆى ژيان دوور بخەنەوە، له كاتێكا له وڵاتانى پێشكەوتووخواز، زۆر دوور نەڕۆين له وڵاتێكى وەكو ئيسرائيل كه زلهێزى ناوچەكەيه و له رووى تەكنۆلۆژياشەوە جێ پەنجەى ديارە له داهێناندا، كەچى لەلاى ئەوان ئايين بنچينه و بنەماى هەموو ياسا و رێسايەكه و هەموو بڕيارێكى گرنگ و چارەنووسساز له كەنيسه دەرئەچێت و كارى پێ دەكرێ و، له وڵاتانى خۆرئاوادا پياوانى ئايينى پێگەيەكى بەهێزيان هەيه له شوێنه گرنگەكانى دەسەڵاتدا و ئەندامى بەرزن له ئەنجومەنەكانى راوێژكارى و پاسادانان و كەنيسەدا و را و بۆچوونى ئەوان له هەموو ئەندامەكانى تر به جدديتر وەردەگيرێت، بيريارانى خۆرئاوا ئەو تيرو توانجانەى كه له ئايينى دەگرن، كه گوايه ئايين لەگەڵ بيركردنەوەى مرۆڤى پێشكەوتووخوازدا گونجاو نييه، ئەو قسانەيان هەر بۆ گەلانى موسڵمان و وڵاته ئيسلامييەكانه و ئايينەكەى ئەوان ناگرێتەوە، نووسەر و رۆشنبير و بيريارانى ئەوان چ ئەوانەى كۆن چ ئەوانەى نوێ بەتەواوى پابەندن به ئايينەكەيانەوە، ئەوەتا بيريارى گەورەيان (ديكارت) له كتێبى (وتارێك دەربارەى ميتۆد) دا دەڵێ: (ئەو بيروبۆچوون و بنەمايەى كه من پێيەوە پابەندم، ئەوەيه كه له داب و نەريتى گەلەكەم و وڵاتەكەم لانەدەم، هەروەها لەسەر رێبازى ئەو ئايينەش بەردەوام بم كه خوا له دەروونمدا چەسپاندوويەتى) . مەبەستى ئايينى مەسيحييه، نووسەر و رۆشنبير و هونەرمەندانى وڵاته ئيسلامييەكانيش كه فێرى دوو وشه بوون، پێش هەموشتێك بنەما سەرەكييەكانى ئايين لەبير دەكەن و له ناوەڕۆكى ئايين دوور دەكەونەوە.

راستەقينەيەك هەيه دەبێ بيزانين ئەويش ئەوەيه ئێستا له خۆرئاوادا هەوڵێك هەيه دەيانەوێ ئەو رۆڵه بۆ ئايين بگێڕنەوە كه مۆدێرنيته لاوازى كردبوو، چونكه ئەو سۆز و بەزەيى و خۆشەويستى و داب و

نەریتە جوانەی ئایین بە مرۆڤەکانی دەبەخشێ، مۆدێرنیتە یاخود سیکۆلاریزم لێیانی وەردەگرێتەوە، لەلایەکی ترەوە خەڵکی خۆرئاوا گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە دەسەڵات ناتوانێ لە هەموو کونج و قوژبنێکدا ئامادە بێت و مرۆڤ لە شتی خراپ و بەدڕەوشتی قەدەغە بکات، تەنها ئایین دەتوانێ ببێتە رەقیب بەسەر خەڵکەوە و خەڵك لە سلوکی خراپ بپارێزێ، ئێمەش پێویستە لە ژینگەی خۆمان و بنج و بنەوانی خۆمان بڕوانین ئینجا باس لە مۆدێرنیتە و سیکۆلاریزم و بەرهەمەکانی بکەین، چونکە دەبێ ئەو راستییە بزانین کە هەموو شتێکی مۆدێرنیتە لەگەڵ ئێمە و کلتوری ئێمەدا ناگونجێ. ئێمە گەلێکین خاوەنی کۆمەڵێك عورف و عادات و داب و نەریتی جوانین ئەم داب و نەریتە جوانانە گەورەترین سەرمایەن بۆ ئێمە، ئەم داب و نەریتە جوانانە بەهۆی بەرهەمە سودبەخشەکانی لەنێو کۆمەڵگای ئێمەدا خۆشەویستە و لە ناخ و دەروونیاندا وەها چەسپیوە بە ئاسانی لەق نابێز

لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا حکومەتەکان دیموکراسییانە قسە دەکەن و چەمکی دیموکراسی تاوتوێ دەکەن، بەڵام لە بنەڕەتدا دیموکراسییان سندم کردووە و بۆ مەرامی خۆیان هەندێ جار لغاوی شل دەکەنەوە، واتا دیموکراسی وەکو لاستیك وایە، گەر بیانەوێ لێکی دەکێشنەوە و کاری خۆیانی پێ تەواو دەکەن، ئینجا وێکی دێننەوە، دەسەڵاتدارەکان کە دێنە سەر شاشەی تەلەفزیۆن ئەوەندە ماقووڵانە باسی دیموکراسی دەکەن کورد گوتەنی قەرسیل دەگەیەننە چۆکان، بەڵام بە کردەوە جۆرێکی ترن و لەجیاتی دیموکراسی سیستەمی تۆتالیتاری پەیڕەو دەکەن و تۆتالیتاریانە رەفتار لەگەڵ گەلەکانیان دەکەن، ویست و ئارەزووی خۆیان بە زۆر بەسەر خەڵکدا فەرز دەکەن و دەیانەوێ خەڵکەکە وەکو بەندەیەکی دڵسۆز لە سەمع و تاعەی ئەوان دەرنەچێت.

لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا کە خۆیان بە مەڵبەندی رەنگدانەوەی فیکری ئیسلامی دەزانن، حکومەتەکانیان ئابلۆقەیەکی کوشندەیان خستۆتە سەر هەموو ئەو حیزب و گروپ و بزوتنەوانەی کە بیروبۆچوونیان لەگەڵ حیزبی دەسەڵاتدار جیاوازە، بە بیانووی هیچ و پووچ و بێ بنەما بەکۆمەڵ رەوانەی زیندانە تاریکەکانیان دەکەن و دەیانەوێ بەو سیاسەتە دڕندانەیە باری دەروونیان تێکبدەن و لەسەر بیرو باوەڕ و هەڵوێستی جوامێرانەیان ساردیان بکەنەوە، بێگومان ئەو رەفتارە بەربەرییە بیرکردنەوەی خراپی لێ دەکەوێتەوە و خەڵکی تریش لاسایی ئەوان دەکەنەوە لە پەیڕەوکردنی هەمان سیاسەتدا، هەربۆیە دەبینین جەماوەری ئەو جۆرە حکومەتانە یاخود جەماوەری ئەو وڵاتانە جەماوەری بیروباوەڕ نین، بەڵکو جەماوەری بەرژەوەندییەکانن، هەرکاتێکیش بۆیان رەخسا پیلان لە حکومەتەکەیان دەگێڕن بۆ لەناوبردنی یاخود چاوەڕێی دەستێکی دەرەکی دەکات بۆیانی لەناو ببات هەروەکو لە عێراق و ئەفغانستان روویدا، زۆر وڵاتی تریش چاوەڕێی ئەو دەستە دەرەکییەن کە یارمەتییان بدات بۆ ئەوەی لەژێر قورسایی هەیمەنەی حکومەتەکانیان رزگاریان بکات، ئەو جۆرە حکومەتانە لەبەرئەوەی رەگێکی قووڵیان لەنێو جەماوەردا نییە، بۆیە هەمیشە لەخۆیان بە گومانن و بە گومانەوە لە دەورو پشتی خۆیان دەڕوانن و بە گومانەوە سەیری جموجوڵی خەڵك دەکەن و تەنانەت لە سێبەری خۆشیان بەگومانن، بۆیە بە زەبرو زەنگ دەسەڵاتی خۆیان بەسەر خەڵکدا دەسەپێنن و خەڵکی بێ تاوان بە جۆرەها بڕو بیانوو دەچەوسێننەوە. لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا تاکەکانی کۆمەڵگا بە چاوێکی پڕ لە گومانەوە سەیری پۆلیس و ئاسایش دەکەن و، وا هەست دەکەن کە پۆلیس و ئاسایش هەمیشە دژی ئەوانە و چاودێری جموجوڵ و هەستان و دانیشتنیان دەکات، بەڵام لە وڵاتانی خۆرئاوادا خەڵك کە پۆلیس و ئاسایش دەبینێت زۆر هەست بە ئارامی دەکات، چونکە دڵنیایە لەوەی کە ئاسایش بۆ پاراستنی سەرومالّی هاووڵاتییان دانراوە، بەڵام لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا حکومەتەکان بەرنامەیەکی ئەوتۆیان نییە کە بتوانن ئەو جۆرە هەستە لەنێو خەڵکدا دروست بکەن و مرۆڤ فێری خۆشەویستیی خاك و خەڵك و سەروەریی یاسا بکەن، پێویستە ئەو حکومەتانە لەسەر بنەمای خۆشەویستی و دڵسۆزی

و هەست بە لێپرسینەوە خەڵکەکەی خۆیان پەروەردە بکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە تا ئێستا سیستەمێکی ساغڵەمی لەو وڵاتانەدا پەیڕەو نەکراوە کە خەڵکەکەی لە سایەیدا بە ئاسودەیی و تەبایی بژین، بەڵکو حوکمی عەشائیری زاڵە بەسەر حکومەتەکاندا و، تا ئێستا بوار لەبەردەم هاتنە ئارای سیستەمی دیموکراسی و کارکردن بە حوکمی یاسا نەڕەخساوە، گومانیش لەوەدا نییە کەوا هەتا هەستی عەشائیری و تایفەگەری و دەمارگیری مەزهەبی زاڵ بن بەسەر بیرکردنەوە و هەست و سۆزی ئەو خەڵکەدا ناتوانن هەنگاوێك بەرەو پێشەوە بچن، خەڵکی ئەو وڵاتانە ئەوەندە تووشی سەرلێشێواندن و چەوساندنەوە و تەنگ پێهەڵچنین کراون، بیر کۆڵ بوون و لەو ماجەرایە تێناگەن کە لە وڵاتەکانیان روودەدات.